چیرۆک

# گوڵی زەرد یان بۆنی ئافرەت؟

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد



کەش ئەگەر باش، خراپ، گەرم یانیش سارد بێت، ئەو هەر بە پاسکیل دێت. ساتێک پاسکیلە خورجە پڕ لە نامە و بڵاوکراوەکانی دادەنێت، بە هەنگاوە خێراکانیەوە، لەم ماڵ دەچێت بۆ ئەو ماڵ. ئەو هەمیشە ئەنگوست بە زۆر زەنگدا دەنێت، هەتا دەرگاکە بکرێتەوە. کابرایش لە دوورەوە دەتوانێت تەخمینی بکات، چۆن دەنگە بەسۆز و ئەفسووناوییەکەی ئەو، هاکا، لە هۆڵ و ڕاڕەوی ماڵەکاندا زایەڵە دەداتەوە، ئەو دەمەی، بەدەنگی کەمێک بەرز و خێراوە هاوار دەکات: "پۆست.."

ئەو زۆر جاران بە پاژنە و یاخود نووکی پێڵاوەکانی، دەرگاکە دەگرێت،

هەتا دانەخرێتەوە. زۆر بە دەگمەن بزری پشت دەرگاکان دەبێت.مەگەر پێویست بێت، نامەیەکی لۆککراو، یانیش پاکەتێکی خێرا و گرنگ، بە دەستی تەسلیم بکات.چ دەنگ و ئاوازێکی پڕ لە ئەڤین و خۆشەویستییە، ئەو ساتەی هاوار دەکات:" پۆست...." دەنگێکی ئافرەتانەی وەها ناسک و مێیانە و ئێرۆتیکانە و کارگەر، پیاو حەیران و شەیدای دەبێت. بۆیە، ئەم لەو باوەڕەیدا بوو، نەخێر، هیچ ئافرەتێکی دی ناتوانێت، وەها دڵگیر و کارتێکەر، وشەی " پۆست.." دەرببڕێت! ئیدی، لەو ساتەوەی کە ئەم شەیدای دەنگ و شۆخیەکەی ئەو نامەبەرە ئافرەتە بووە، حەز و مەیلیشی لە ڕەنگی زەردە.چونکە ئەو، چاکەتێکی ڕەنگ شینی هێڵ زەرد لەبەر دەکات.قژە درێژ و زەردە ئاڵتونییەکەشی کە بەسەر شان و ملیدا شۆڕ دەبێتەوە، وێنەیەکی جوان و دڵگیرتری لێ دەنەخشێنێت.هەر بۆیە و ژبەر خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو، ئەمیش چاکەتێکی لەو جۆرەی کڕیوە، کە ڕەنگە زەردەکەشی زۆرترە! ساتێکیش ژنەکەی بە سەرسڕمانەوە سەرنجی دا و لێیشی پرسی:

– ئەتۆ لە کەنگێوە مەیلت لە ڕەنگی زەردە؟!

بە فێڵئامێزی وەڵامی دایەوە:

– هاوسەری ئازیزم! چ مرۆڤ خۆی و چ حەزەکانیشی، شایانی گۆڕانن.تەنانەت، گۆڕانی پەرگریش...!

– ئێی، وا هەمدیسان دەفەلسەفێنیت! لێ، ئاگاداربە هەموو شتێک بە زەرد نەبینیت..!

جارێکیش بەهاوکارەکانی خۆیی وت: " لە دڵەوە ئیرەیی بە خانەنشین، گەنجە زوو خانەنشین کراوەکان. بێکار و تەنانەت پیاوە نەخۆشەکانیش دەبەم، کە ئیدی بەهەر هۆیەکەوە بێت، دەکارن لە ماڵەوە بمێننەوە و هەموو ڕۆژێک، یان گوێیان لە دەنگە بەسۆز و ئەفسووناوییەکەی دەبێت، یانیش رووخسارە فریشتە ئاساکەی دەبینن..." لە سەرەتاوە هاوکارەکانی پێی پێکەنین. ئینجا بە شێت و گەوجیان قەبڵاند کە ڕۆژێک پێی وتن: " نیازم هەیە ئیدی کار نەکەم! هەتا منیش بتوانم، لە ماڵەوە بمێنمەوە و هەموو ڕۆژێک، یان گوێ لە دەنگە بەسۆزەکەی بگرم، یانیش بە بینینی ئەو فریشتەی گەڕەکە شادبم..!" هاوکارێکی وەڵامی دایەوە: " بەڵێ، خۆشەویستی هەندێک جار مرۆڤ نابینا دەکات. دەی خۆ ئەمەی جەنابیشت، یەکلایەنەیە!" هاوکارێکی تری بە جەفەنگەوە پێی گوت: " شایەد لەبەر ئەوەی دەمنگێنیت، بۆیە ڕوویت پێ نادات..!" ئیدی وا لەو ساتەوە.جارجارە خۆی بە نەخۆش دەنووسێت.هەتا بە بینینی فریشتەی گەڕەک شاد بێت.بۆنی ئافرەتانەی هەڵمژێت و بڕێکیش لەتەکیدا بپەیڤێت.بەڵام ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا جێی سەمەرە و سەرسڕمانە، دەربڕین و

رستەکانی ئەم زۆر درێژن و وەڵامەکانی ئەو شۆخەیش، کورت و بەپەلە. ساتێک ریشی پاک تاشیوه و بۆنێکی خۆشیشی لەخۆی داوه. لەسەرخۆ پێی دەڵێت:

– بەیانییەکی زۆر خۆشت بۆ دەخوازم، ئەی خانمە بەڕێزەکە..

ئەویش زۆر بە پەلە وەڵام دەداتەوە:

– بەیانی خۆیشت باش..!

یان کە ئەم لێی دەپرسێت:

– نا، خانمە بەڕێزەکەم، هەر شت لە لای ئێوە تەواوە..؟!

ئەویش تەنیا وەڵام دەداتەوە:

– پێویستە..و....

ئیدی بە تیلەی چاوە کەسکە تۆخەکانی کە دڵ دەبرێت، سەرنجێکی خێرای دەداتێ.ئەو سەرنجە خێرا و زۆر کورتە، بریسکە ئازارێک بە دڵی دەگەیەنێت. بێ شک بریسکە ئازاری خۆشەویستی و ئەڤینە و خۆشیی پێ دەگەیەنێت!. جا ئەگەر کەش ناخۆش بێت، ئەم دەڵێت:

– چ کەشێکی بێتاقەت و بێزارکەرە. بۆیە مرۆڤ دەبێت، لە ماڵەوە بمێنێتەوە، یانیش بچێتە سینەما و یان شانۆ...

ئەویش بێ ئەوەی لەم بڕوانێت، لە وەڵامدا دەڵێت:

– دەی وەها بکەن....!

ئەگەریش کەش خۆش بێت، ئەم دەڵێت:

– ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەلێک خۆشە. مرۆڤ دەبێت بچێتە سەیران و گۆشت برژاندن، یانیش مەلە..

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

– دەی وەها بکەن... بەخوات دەسپێرم..!

لە سێ هەفتەی گەشتەکەشیدا و لەو دووری دوورەوە، هەر بیری لە لای فریشتەی گەڕەک بوو. جارجارەیش خەونی پێوە دەبینی.ئەو ساتانەشی لە زەریای سەوزی تۆخ و بریسەکەداری هەڵدەڕوانی، دەکەوتە یادی چاوە سەوز و بریقەدارەکانی، شۆخە نامەبەرەکە. تەنانەت کە بەیانییەکی زۆر زوو، بەرەو رووی نامەبەرە پیاوەکەی شاری وڵاتی گەشتەکەی بووەوە، بروسکەیەکی خۆشی سەرتاپای لەشی گرتەوە! ئەگەرچی نامەبەرەکە پیاوە و چاکەتی شینی هێڵ زەردیشی لەبەردا نەبوو، بەڵام لە ناخییەوە فریشتەی گەڕەکی لەودا دەدی! بەچاوی خەیاڵ دەیبینی و دەنگە ئافرەتانە ئەفسووناوییەکەشی، لە گوێیدا زایەڵەی دەدایەوە، ساتێک وەک نیوە هاوارێک، " پۆست.." دەڵێت. کە پاش سێ هەفتەی گەشتەکەیان گەڕانەوە،

هاوســەرەکـەی رۆیشت و لە لای دراوسـێکەیان کلیلی پۆست و نامـە و رۆژنـامـەکـانی هـێنا. ساتیش ئێوارەی رۆژی هەینی بوو. بۆیە بەوە خۆشـحاڵ بوو، سبـەینێ شـەممەیە و بە بینین و بۆنی فریشتـەی گەڕەک شاد دەبێتەوە. دیمەن و بۆنی ئەوی لە نامـە و رۆژنامەکاندا هـەست پێ دەکـرد. ئەوسـای هـاوسـەر و منداڵەکـانـی، لە ژوورەکـەی دی سـەرگـەرمی جـانـتـاکـردنەوە و بەتاڵکردن بوون، ئەمیش کـەوتە کردنـەوە و سـەرنجدان و بەکـورتی خـوێندنەوەی، نامـەکـانی فـەرمـانگە جـۆراوجـۆرەکـان.کـە لە رۆژنامـەیەکـدا چەند دێڕی خـوێندەوە، دەتگوت لە ناکـاو چەکوشێک بەر ناوچاوانی کـەوت. یانیش سـەری دەرزییەک لە دڵی هـەڵبچـەقێنن، گینگڵی دا و رووی گرژ، گێژ و وڕ بوو! بەڵام، هێشتاکە بەو هیوایە بوو، ئەوەی کە خوێندییـەوە، خەون یان خـەیاڵ بێت. بۆیە کـە چەند جاری تریشی خـوێندەوە.موچڕکە بە لەشـیدا هات و هـەستی بە سـەرما کرد. ئەو کورتە هەواڵە، هەتا سەر ئێسقان ژانی پێ گەیاند و نیگەرانی کرد: "ئافرەتە گەنج و نامەبەرەکەی فلان گەڕەک، دایکی منداڵێکی کوڕی هەشت ساڵان، کە هەفتەی رابردوو بووەتە قـوربانیی شـالاوی سێکسیی کـەسێک! بارودۆخی دەروونیی خـراپ تێکچووە. بۆیە، بۆ چارەسـەر نێردراوەتە کلینیکی تایبـەت.." رووخسـاری نایە سـەر هـەردوو دەسـتەکانی، کە وەک کۆڵەکە رایگرتبـوون. چاوەکانی نوقاند و بێدەنگ بوو. بێدەنگییـەکی وەها کـە گـوێی لە ترپە ترپەکـانـی دڵی خـۆی دەبوو. هـەر هـەمـوو بیـرەوەرییـەکـانی فـریشـتـەی گـەڕەک، لە ناخـیـدا زیندووبوونـەوە و وێنە دڵگیرەکـان، بە پێش چاوەکـانیدا دەهاتن و دەچوون. باڵا شـۆخـەکـەی. چاکـەتە شین و هـێڵ زەردەکەی بەری. قژە درێژە ئاڵتـوونییـە پەخشـبـووەکـەی بەسـەر شـان و ملیـدا. رووخـسـارە فـریشـتـە ئاسـاکـەی،چاوە سـەوزە تـۆخـە بریسکەدارەکـانی.لە نامـە و رۆژنامـەکـانی بـەردەسـتیـدا، هـەستی بە بۆنی ئافرەتانەی ئەو دەکرد. ئەوجـا، دەنگە بەسـۆزە ئەفسـوونگەرە ژنانەکەی، لە گوێیدا زایەڵەی دەدایەوە، کە هـاواری دەکرد: "پـۆسـت.." وشـەی پۆست لە مێشکیدا، سـەدبارە و هـەزار بارە دەبووەوە.لە بەرخۆوە وڕێنەی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە؛ بـە چەپکێک گـوڵی زەردەوە سـەردانـی بکات. نەیدەتوانی بـەر بە هـەسـتی کـپـبوو و ڤـوڵکان ئاسـایی، ئەم مـاوە درێژی خۆشـەویسـتییـەی بگرێت.بۆیە دوای هـەنسکدان، چەند تکە فرمێسک بەسـەر رووممـەتەکانیدا خزانە خوارەوە و سـەر مێزەکە. دەنگی ژنەکەی لە ژوورەکەی ئەولاترەوە بەئاگای هێنایەوە، کە نیوە هـاوار وتی:

– راڵف، دەتوانیت قاوەیەک بکەیت..؟

بەرۆژنامە تەڕایی سەر مێزەکەی سڕی و وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ دەیکەم... فریشتەکەم..!